# سیگۆشه خڕەكان

كاروان ئەنوەر
karwananwar@yahoo.com

ئەم ناونیشانه زیاتر لەوه دەچێ كابرایەكی سوریالی یان دادایی نووسیبێتی، بەڵام من نه سوریالیم، نه دادابیم، ئەوەش وایلێكردم ئەمناونیشانه بێسەروبەره هەڵبژێرم، ئەو رووداوه سەرسپیكەرانه و ئەو هەواڵانەی ئەم دواییه بوو كاشكی هەر نەمبیستایه. .

ماوەیەك لەمەوبەر بیستم گوایه د. عەلی قەرەداغی بروسكەی پیرۆزبایی بۆ سەدام حسێن ناردوه، ئەوەی راستی بێت باوەڕم نەكرد، یان راستتر حەزم نەدەكرد باوەڕبكەم و شتەكه وادەربچێت، بۆیه سەرم لێنایەوه، چونكه ئەو پیاوه لای من رێزێكی تایبەتی هەبوو، لەبەرئەوه نا كه شارەزایەكی بواری شەریعەت وفیقهی ئیسلامەو لەزانكۆیەكی وڵاتی قەتەر وانەبێژه وسەرۆكاری حزبێكی ئیسلامی دەكات، چونكه هەرگیز رۆژێك لەرۆژان نوێنەرایەتی كوردی نەكردوه و گوێبیستی نەبووم له یەكێك له كەناڵه عەرەبیەكاندا باسی لەكوردبوونی خۆی كردبێت. . نەوەڵڵا هەرگیز. .

بەڵام وەك ناوێكی كوردی لەبواری فیقهو شەرعی ئیسلامدا، لاموابوو نازناوی (قەرەداغی) بەس بوو بۆ ئەوەی هەركاتێك عەرەبێكی خەلیجی لێی بپرسێ (شنو معنی قرداغی) ئەو بڵێت ئەمه ناوچەیەكی كوردستانەو رژێمی عیراق ئەنفال و كیمیابارانی كردوەو كچ وژنەكانی به سەبایا و جاریه بردووین، بەڵێ من دكتۆر عەلی قەرەداغیم وا دەبینی، هەردەم چاوەڕێی ئەو هەڵوێستەم لێكردوه، وەك ئەو چەند ناوه كوردیەی لەخزمەتكردن بەئایینی ئیسلام رووسوری بوون بۆ ئێمەی كوردی موسڵمان هەروەك د. موستەفا زەڵمی ود. رەمەزان بۆتانی وسەعید نەورەسی وئەوانی تریش. .

كەچی سەد حەیف ومخابن كه ناوی ئەو بەرێزەم بینی بروسكەی جیهادی بۆ سەرۆكی عیراق ناردبوو، لەناملیكەیەكدا ناوەكەی ریزبەند كرابوو لەگەڵ چەند بەڕەگەز عەرەبێك، ئەوەی وترابوو ناوترێتەوه، هەمدیسان وتم با چاوەڕێ بم، بەدڵنیاییەوه روونكردنەوەیەك له یەكگرتووی ئیسلامی ەوه، یان له كەسی د. عەلیەوه بڵاودەكرێتەوه، بۆ بەدرۆخستنەوەی ئەو هەواڵه، كەچی نه ئەو حزبه موسڵمانەو، نه ئەو كەسه موسڵمانەش نقەیان لێوه نەهات. .

كەواته ئەو بروسكەیه راستەو دروستكراو نیه. .

دەسا ئەی كوردی داماو قوڕبپێوه بۆ نەگبەتی خۆت و نەوەیەك چاوەڕوانی خێرو خۆشی بكات لەو كەسەی مێشكی لاوانی پڕكردوه لەخەونی جوان و ئەرخەوانی، دوارۆژی گەش و بەهەشتی یەكجارەكی، ئەم هەواڵەش لای من له دەفتەرێك دەچوو چەند لاپەڕەیەكی هەبێت ولەهەر لاپەڕەیەكدا دینێك ومەزهەبێكی جیاواز تیانووسی بكات، بەڵێ ئێمەی كورد زۆر گوناهین، خۆمان خەنجەر لەخۆمان دەدەین چونكه لای ئێمه دوژمنی سەرسەختی بەعسه، كەچی لەپشت ئێمەوه بروسكەی پیرۆزبایی و جیهاد بەرزدەكاتەوه. .

كام جیهاد؟؟؟ بێگومان ئەو جیهادەی كه له قەرەداغدا كرا، ئەو جیهادەی بادینان وهەڵەبجەو سێوسێنان وهەموو كوردستانی سووتماك كرد، ئەو جیهادەی ئاوەڵكراسی ژنی كوردی بەسەر ئیڤاو زیلەكانەوه وەك نیشانەی سەركەوتن و ئەتككردن هەڵواسی، ئەو جیهادەی بەدیارچاوی دایك و باوكەوه شەرەفی كچانی كوردی تكاند،

جیهادی ئەنفال و بوتڵ وکێبڵ وکورسی کارەبایی و نینۆك دەرهێنان وسێدارەو یەك ملیۆن بەدرەوشتی تری بەعس کە دکتۆر قەرەداغی لەنزیکەوە زۆر باش ئاگای لێیەتی ئەگەر قەرەداغی بێت. .

بۆیە من هەموو رۆژ دەڵێم خوابکات ئەو بروسکەیە راست نەبێت و فێڵ وفرێکی تری بەعس بێت، هەروەك ئەو گۆڵەی لە مامۆستا ئایینیەکان کرا بەناوی سەردانی مەککەی پیرۆزەوە بانگێشت کران، کەچی لەهۆڵی کۆنگرەدا خۆیان بینییەوە، بروسکەی جیهاد وسەرکەوتنیان پێ ئیمزاکرا، دەنگی نارەزاییان لەدژی دەسەڵاتی کوردو هەردوو ئیدارە کوردییەکە پێ بەرزکرایەوە. .

جا ئەوەی لێرەدا سەرنجی منی راکێشا، ئەوەیە کە بۆچی پێشتر رژێمی بەعس پشتی بە کۆنەپیاوەکانی خۆی لە جاش و ئەمن وموعتەمەد وبەعسی وتەواری دەبەست بۆ تێکدان وتەقاندنەوە وبەرزکردنەوەی بروسکەی پیرۆزبایی بۆ سەرۆکی فەرماندە، بەڵام ئەمرۆ دەستبەرداری ئەو نازدارانەی خۆی بوەو رووی لە چین و توێژێکی تر کردوە، ئەوانەش پیاوە ئاینیەکان و مەلاو وتارخوێنی مزگەوتەکانن، یان ئەو کەسانەی کەلەحیزبە ئیسلامیەکاندا باڵادەستن؟؟

ئەمە وەرچەرخانێکی زۆر گوماناوی‌و ترسناکە، کۆنە پیاوانی رژێم شێت وشەیدای پارەو پول بوون و بۆ پارە تەنانەت مزگەوتەکانیشیان دەتەقاندەوە، بەڵام یاری کردن لەسەر پەتی ئایین لەو ترسناکترە، چونکە کورد بەجۆرێك شێت ومەستی ئایینە، گەر بەئایین لەخشتە ببرێن نەك مزگەوت، ماڵی خۆشیان دەتەقێننەوە وهەر رۆژ نا رۆژێك دکتۆر عەلییەك لەبەغداوە جیهادکوژمان دەکات. .

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بروا بوونمان بە ئازادی دەربرینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ رێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم رێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣